www.kurdistannet.org
26-5-2003 0:33

# پارێزگاری کەرکوك کرایەوە

**پەیامنێری کوردستان نێت: کەرکوك**

ئەمرۆ لە شاری کەرکوك رێکەوتی شەممەی ٣/٥/٢٠٠٣ کات ژمێری ١٠ی بەیانی لە پارێزگای کەرکووك پارێزگا بە رەسمی کرایەوە ئاهەنگیان بۆ ئەم مەبەستە گێری لە لایەن بەربرسانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە لیژنەی بەرێوەبەری ئیدارەی شاری کەرکوك ... لە کات ژمێری ١١ی بەیانی بەکات ژمێری هاوینەی عێراق کونگرەیەکی رۆژنامەیی بەسترا لە لایەن علی الصالحی پەرپرسی پەیووەندیەکانی سەربازی ومەدەنی ئەمریکی لە بارەگای پارێزگای کەرکوك کە بەرەچەڵەك کوردەوخەڵکی شاری کەرکوکە بەلاّم بەر لەبسیت حەوت ساڵ عێراقی بەجێ هێشتووە رەگەز نامەی ئەمریکی هەیە ... لە گەڵ بەرێزجونی مورینی لێپرساوی راگەیاندنی هێزی ئەمریکی لە پارێزگای کەرکوك ... سەرەتا خۆیان ناساند زوو زوو هاوکاری جونی مورینی ویفد لارکی هاوکاری لێپرساوی راگەیاندنی دەکر لەوە لاّمەکان ئێمەیش چەند پرسیارێکمان ئاراستە یان کرد کە بریتی بوو لە

* بەچ یاسایەك هێزەکانی ئەمریکی کاردەکەن لە گەڵ کێشەکان دا لە پارێزگای کەرکوکدا ئایا بە یاسایی عێراقی رابردۆ یان بە یاسای ئەمریکی ! تا وامەزراندنی حکومەتی ئینتقالی ؟!

- بە هاو بەشی وەلاّمیان دایەنەوە بەم جۆرە : -

- ئێمە لەم ساتە بە هیچ یاسایەکی ئەمریکی وعێراقی رابردۆ کار ناکەین بەڵکۆ بەیەسایەکی ئیستپنائی کاردەکەین لای ئێمە پێی دەوەترێ یاسای عورفی بۆ بەرێوبردنی ژیانی خەڵکی بە شێوویەکی مەدەنی تاکو حکومەت دائەمەزرێت بەلاّم گەر حکومەتی کەرکوك دامەزرا ئەوان بەرپرسن لە یاسای داهاتوون ...

☐ دوو پارێزگارهەیە لە شاریی کەرکوکدا یەکێکیان بە ناوی رزگار علی لە سەرلیستی ( ی. ن. ك) وە نڤام الدین گلی لە سەر لیستی ( پ. د. ك) لەگەڵ کێ کاردەکەن؟

☐ ئایا ئەمانە ئەندامی لیژنەی بەریوە بەردنی ئیداری ناوشارن.

☐ بەڵێ.

— ئەوانە ئەندامن لە بەرێوە بەرنی ئیدارەی شاری کەرکوکن بەلاّم ئەوان پارێزگار نین — کولێنلْ می فیلْ ئەمرۆ حاکمی سەربازیيە لە کەرکوکدا ئەو بەرپرسە لە کەرکوك وەکارەکان بەرێوە دەبات تا خەڵکی کەرکووك پارێزگای خۆی هەڵدەبژرێ.

☐ ئایا هیچ بەرنامایەك لە بەردەمی حاکمی سەربازی ئەمریکی لە پارێزگای کەرکوکدا هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارەکانی کەرکوك کە لە رێگای سیاسەتی تەعریب وراگواستنەوە ئاوارەی شارەکانی عێراق بوون وەك سلێمانی و هەولێر ئەوانی تر. . . !

- بەڵێ پیلانمان هەیە بۆ گەرانەوە یانی وکارە بۆ دەکەین و بەلاّم ئەم مەسەلەیە هەندێ کێشەی هەیە وهەندێ ئاڵۆزە زۆر بە ئاسانی چاوەسەر ناکرێت ئەتوانم بلێم دا دگایەکی تایبەت دائەنێین بۆ لێکوڵێنەوە لەم مەسەلەیە بەپێ ی پێشکەشکردنی داوایەکی بۆ هێزەکانمان ... وەئێمە دەسەلاّتی تەواو مان نیيە ئێستا بە خەڵك بەڵێن بگرینەوە بەلاّم بە داهاتووی نزیکدا چارەسەری دەکەین زۆریش بەجدی هەوڵی بۆ ئەدەین ... ئێستا داواکارین هەموو کەسیك لە شوێنی خۆیان بمێنێتەوە کەس دەسەلاّتی خۆی بەکار نەهێنێت بۆ گوراندنی وەزعی ئێستایە بێ نیزامی، بەڵکو داومان لێ بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی.

☐ داوا کەیان کاراستەیکێ بکەن ؟!

- دام ودەزگای تایبەتمان هەیە بۆم مەسەلەیە بنکەی سەرەکی لە هەولێردا یە بنکەی ترمان هەیە لە شارەکانی ترو ە ك سلیمانی و کەرکوك شوێنەکانی تر.

□ ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەکانی کەرکوك لە ژێر خێمە دەژین وەك مرۆڤێکی ئاسایی ناژێت لە مافە سەرتایەکانی مرۆڤ بێ بەشە چارەسەرتان چی‌یە بۆ ئەوان لە وەزعی ئێستا ؟!

- لەم ساتەدا ئێمە ئەوانە دەزانین ئێستا ناتوانین بیان خەینە خانوویەك بەڵام هاوکاری تەواویان دەکەین وەزعیان باشتر دەکەین ژیانیان باشتربێت تا ئەو ڕۆژەی دەیانگە رینینەوە.

□ ئێوە وەك لێپرسراوانی ئەم شارە کێشەی کوردوتورکمان چون دەبینن ؟!

- هیوادارین هیچ کێشە نەمێنت ئەوانەی بەرێزت دەبینیت وە هەروەها ئەوانەی کە نەتابنینەوە نەمێنێت، وەهیوادارین حکومەتی مەدەنی کەرکوك دابمەزرێت ئاراستەی براکوردەکان وتورکمانەکان بکات بۆ نەهێشتنی ئەم کێشانە ئێمەیش زۆر بەجدی تەماشای ئەم مەسەلەیەمان کردوە بەڵام هیوامان وایە ئەو کردەوەی کەدەیکەین ببێت هۆی بەهێشتنی کێشەکان ... من وەك ئەم ماوەیەی لێرەم و لە خەڵکم بیستوە ئەم کێشانە خۆی کوردوتورکمانی کەرکوك نی‌یە بەڵکۆ لە دەرەوەی کەرکوکەوە کێشەی بۆ یەت کورد وتورکمان لە کەرکوکدا وەك برا ژیاوەن وەتەسیراتی دەرکی هەیە بۆ مەسەلەیە لە دەرەوەی کەرکوکەوە.

□ دام و دەزگا خزمەت کوزاریەکان چۆن کاردەکەن لەکەرکوکدا ؟!

- زۆر باش کار دەکەن حکومەتەکانی سلیمانی و هەولێر هاوکارن هەردوو نەخۆشخانەکاینانی کردون وخەتی تەلفون دووان کراوە تەوە دووانی تریان کاری تێدا دەکرێت کارەباو ئاو هەیە ... کەرکوك لە زۆر بەی شارەکانی تری عێراق باشترە ...

□ ئەوەها حاکمی سەربازی ئەمریکا شاری کەرکوك دەبێت منزڵ یاساکانی خۆی بەپێی پێویست وەك خۆیان وەتیمان ئێمەش لە نزیکدا وەك ماڤی خۆمان لێکوڵینەوە لەو سەر مەلەکان دەکەین وەك ڕۆژنامە نووسێك هێوادارین بتوانین ئەرکی میللەتی خۆمان بەپاڵای ڕۆژ نامەنووسیدا بەدێ بهێنین لە تێکوشان دەبین بۆ زیاترگەیاندنی هەواڵەکانی نوێ تر.

ئیتر سوپاس

سابیر محمود داماو
٢٠٠٣/٥/٣